# خەتەنە تاوانێکی گەورەیە لە دژی منداڵان و ژنان!

لەژێر ئەو ناونیشانەی لای سەرەوەداو وەك هەوڵێك بۆ ناساندن و نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە منداڵان و ژنان، سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵان لە سوید بەهاوکاری لەگەڵ خوێندنگای گەورەساڵان لە یاڤلە، هەر لە ناوەڕاستی مانگی ئایارەوە دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی پۆستەرێك و بانگەواز کردن بۆ بەشداری خەڵك بۆ کۆڕێك و نیشاندانی فیلمێکی دۆکۆمێنتی سەبارەت بەم کێشەیە لە ڕۆژی 29 مای 2006 دا.



سەرەتا بەڕێوەبەری کۆڕەکە شێرزاد فاتح بەرپرسی دەرەوەی سەنتەری منداڵان بەخێرهاتنی ئامادبوانی کردوو و بە کورتی پێناسەیەکی سەنتەری منداڵان و ئامانج و ئەرکەکانی کرد بۆ ئامادبووان کرد، وە داوای لە هەڵاڵە رافع کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی ژنان و یەکێك لە هەڵسوڕوانی ڕێخکراوی ئازادی ژن ، کە وەك قسەکەری کۆڕەکە بانگهێشت کرابوو، کرد کە بفەرموێت بۆ پێشکەش کردنی باسەکەی سەبارەت بە خەتەنەی ژنان، کاریگەریە تەندروستی و دەرونیە خراپەکانی لەسەر ژنان. باسەکەی هەڵاڵە بەگەرمی پێشوازی لێکرا و قسەو باس و پرسیاری لێکراو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ساز درا.

شایانی باسە ژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵکانی پەناهەندەو سویدی ئامادەی کۆڕەکە بون ئەمە جگە لە دووان لە گەورەترین و پرتیراژترین ڕۆژنامەکانی یاڤلە ، هەریەك لە ڕۆژنامەی Arbetarbladet کە لە لایەن سۆسیال دیموکراتەکانەوە دەردەچێت و ڕۆژانە بە تیراژی سەدان هەزاری بڵاو دەبێتەوە ، هەروەها Gefle dagblad کە ڕۆژنامەی مۆدێراتەکان ، کە دووەم حیزبی گەورەی سویدە دوای سۆسیال دیموکراتەکان، بۆ ڕۆژی دوایی بەوێنەوە و هەریەکەو یەکێك لە لاپەرەکانی ڕۆژنامەکەیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبوو، وە ئەم کارەی سەنتەر دەنگ و سەدایەکی زۆری دایەوە.

سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵان وەك هەمیشە بەئەرکی خۆی زانیوە کە بەرگری لەمافەکانی منداڵان و ژنان بکات، خەتەنەی ژنانیش یەکێك لەگەورەترین ئەو تاوانانەیە کە لە دژی منداڵان و ژنان ئەنجام دەدرێت. هەربۆیە سەنتەر بەئەرکی خۆی زانی کە لەچوارچێوەی پرۆژەیەکدا کار لەسەر ئەم مەسەلەیە بکات. ئەم باسە قسەو باس و لێدوانی زۆری وورووژاند ، نەك تەنها لای سویدیەکان کە پرسیاری زۆر کرا ، بەڵکو تەنانەت لای بەشێك لە خەڵکانی پەناهەندەش ئەم کێشەو تاوانە گەورەیەی کە لەدژی ژنان و منداڵان ئەنجام ئەدرێت ، بەو شێوەیەی کە هەیە پێشتر نەناسرابوو. بەشێك لەو هۆکارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنان بەهۆی سەرکوتکردن و ستەمێکەوە کە هەر لە منالیەوە لە خێزاندا لێیان ئەکرێت وبەسەریاندا سەپێنراوە، پێیان شەرمەو ناتوانن کێشەکانیان دەربڕن و بۆ دەوروبەریان باسی بکەن.

بە شێوەیەکی گشتی خەتەنەی منداڵان و ژنان لە وڵاتانی ئیسلامیدا ڕوودەدەن و پەیڕەوی لێدەکەن ، ئاینی ئیسلام و جولەکە ، بەزۆری پەیڕەوی لێدەکەن و بیانوی پوچ بۆ ئەمە دەهێننەوە بۆ ئەم تاوانە، ئەسڵی مەسەلەکەش ئەوەیە کە جڵەوی ژنان بگرن بەوەی کە چیترنەتوانن کاری سێکسی بکەن و هەست و ئارەزووی سێکسیان بمرێنن، موسڵمانی سوننە (حەنەفی و شافعی) بەگشتی کچان و کوڕان خەتەنە دەکەن، بەڵام لە نێو شیعەکاندا بە زۆری تەنها پیاوان خەتەنە دەکرێت. ئەم کردارەش کاریکەرییەکی تا ڕادەیەك پێچەوانەی هەیە لە کوڕانەوە بۆ کچان ، بە هۆی لابردن وبڕینی ئەو بەشەی کە لە کرداری خەتەنە کردنی کوڕاندا دەبڕن ، هەستی سێکسی پیاوان بەهێزتر دەبێت ، بە پێچەوانەی ژنانەوە کە هەموو حەزو ئارەزوویەکی سێکسیان دەکوژێت ، وە بەتایبەتی ئەوەی کە لە سودان و بەشێك لە وڵاتانی ئەفریقادا دەکرێت ئەوەی کە پێی دەڵێن هەتەنەی فرعەونی ، کە بە تەواوی ڤیتکەو لێوەکان لێدەکەنەوەو تەنها کونێکی چکۆڵە دەهێڵنەوە ، کە هیچ جۆرە هەستێکی سێکسی لای ژنان نا هێڵێتەوە.

خەتەنەی منالآن و ژنان بەیەكێك لەگەورەترین تاوانەكانی تەندوتیژی دژ بەژنان دادەنرێت، لە وولآتی سوید دا لە دوای ساڵی 1990 بەدواوە قەدەغە كراوە، ئەمیش بەدوای جاڕنامەی جیهانی مافەكانی منالآندا دێت ، كە مێژووەكەی بۆ 16 ساڵ و چەند مانگ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لە یاسای سوید دا خەتەنە كردن بە تاوانی گەورە grovt brott لەقەڵەم دەدرێت و سزاكەشی گەورەیە كە لە نێوان 2 ساڵ تا 10 ساڵ زیندانی دەكرێت. لە گۆڤاری bang ی سویدی داو لە لاپەڕە 18 دا لەسەر خەتەنەی ژنان بابەتێك بلآو كراوەتەوە، لەم بارەوە بە ئامار باسی خەتەنەی ژنان دەكات لە وولآتانی ئەفریقاییدا و دەڵێ لە نێوان 80 تا 90 ملیۆن ژنانی ئەفریقی خەتەنە كراون ، 100٪ ی ژانانی سۆماڵی و جیبۆتی خەتەنە كراون، 90٪ ی ژنانی سودان ، ئەسیوپیا، ئیریتریاو مالی و سیریلۆنە. ئەوە نەبێ خەتەنەی ژنان تەنها بەم وولآتانەو بە ئەفریقاوە بەسترابێتەوە، بەڵكو لە زۆرێك لە وولآتانی تری دنیادا ئەم تاوانە لە دژی ژنان و منالآن بەڕێوە دەچێت ، ئەمڕۆ لە ئەورووپاشدا نزیكەی 50 هەزار كچ خەتەنە دەكرێن ، لە وولآتانی ئەورووپادا و بە ئاشكرا هیچ كەس ناتوانێ بە ئاشكرا ئەم كارە ئەنجام بدات ، بەلآم باوكان و دایكان ئەوانەی كە وەك فەرهەنگ و داب و نەریت بۆیان ماوەتەوەو پەیڕەوی لێدەكەن ، كچەكانیان دەنێرنەوە بۆ وولآتانی خۆیان بۆ خەتەنەكردن و بەجۆرێك دەیان ترسێنن كە زۆربەیان ناتوانن بەرگری لە خۆیان بكەن و ئەم تاوانە دەرهەقیان ڕەت بكەنەوە.

**شێرزاد فاتح**

**بەپرسی سەنتەری بەرگری لەمافەكانی منالآن = سوید**

santarimnalan@yahoo.com
www.santarimnalan.org